# دار گێلاس

نووسینی:

Michelle Nikly

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە:

**محەمەد فەریق حەسەن**

وێنەکێشان: شێروان موحسین



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

* * *

ناوی کتێب: دار گێلاس

نووسینی: Michelle Nikly

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن

بڵاوکراوەی ئاراس: ٢٣٢

دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب - دلاوەر سادق ئەمین

دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە

پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود

چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤


ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر: ٢٠٠٣/٤٠١

# دار گێلاس

جاری جاران، له ژاپۆنی وڵاتی خۆری درەوشاوەدا قەرالێک هەبوو. ئەم قەرالە، لەو دیو کۆشکەکەیەوە باخێکی زۆر جوان و ڕازاوەی هەبوو. باخەوانەکانی باخی شاهانە ساڵانێکی دوور و درێژ بوو خەریکی بنیاتنانی بوون. درەخت و دەوەن و گوڵەکانی، هەموو دانسقە و هەڵبژاردەی وڵاتەکە بوون و لەوێ نێژرابوون.

مرۆڤ بە دیتنی ئەم باخە چاوی ڕۆشن دەبوو، چێژی لە جوانییەکەی وەردەگرت. باخەکە کارێکی هونەریی باڵابوو بۆ خۆی. ڕەنگ و باڵای درەخت و گوڵەکانی تەواو پێکەوە گونجابوون.






بەیانییەکیان، لەو دەمەدا قەڕاڵ لە باخەکەیدا پیاسەی دەکرد، دار گێلاسێکی دی وشک بووبوو... ئەم ڕووداوە قەڕاڵی تووشی خەمێکی قووڵ کرد.

ئەو بڕوای وا بوو، ئیدی جوانیی باخەکە لە بەین چوو. تاقەتی نەما چیدی گوێ بە باخەکەی بدات. گەڕایەوە بۆ کۆشک و مات و مەلووول لێی دانیشت.

گەورە پیاوان و داروودەستەی کۆشک بەم دڵتەنگییەی قەڕاڵ نیگەران بوون. ئەوان بەهیوا بوون جارێکی دی خۆشی و شادی بۆ دڵ و دەروونی قەڕاڵ بگێڕنەوە، ئەگەر بتوانن دار گێلاسێکی وەها پەیدا بکەن قەرەبووی دار گێلاسە وشکبووەکە بکاتەوە... بۆیە شاندیان بە هەموو لایەکی ژاپۆندا نارد، تاکو بە دوای درەختێکدا بگەڕێن لە هەمان شێوە و توخم بێ.

لە ئەنجامدا نیگارکێشێکیان دۆزییەوە (ئوکیۆ)ی ناو بوو. ئەو دار گێلاسێکی هەبوو، هێندەی ئەوەی قەڕاڵ لە دەستی چووبوو جوان بوو.





نیگارکێش و (تانکا)ی ژنی زۆر بە داخ بوون، کاتێ زانییان درەختەکەیان لە ڕەگوڕیشەی هەڵدەکەندرێ بۆ باخی شاهانە دەگوێزرێتەوە. ئەوان زۆر هۆگری دار گێلاسە جوانەکەیان بوون.

ئوکیۆ هەموو بەهارانێ وێنەی دار گێلاسەکەی دەکێشا، کاتی بە تارایەک گوڵی ڕەنگ سووری کاڵ ڕووپۆش دەبوو.

هاوینانیش تانکا ڕاهاتبوو لە سای سێبەرەکەیدا دابنیشێ و شیعر بنووسێ... ئەو بەسەر قەد و لق و گەڵاکانیدا شیعری هەڵدەدا، کاتێ بە شنەی با دەلەرینەوە و دەبریسکانەوە.


بەڵام (موسوکۆ)ی کوڕیان لەوان پتر هۆگری دار گێلاسەکە بوو. ئەو هاوڕێیەکی هەبوو. هاوڕێکەی بولبولێک بوو لەنێوان چڵەکانیدا دەژیا. هەر کاتێک بانگی بکردایە. بە فڕین دەهاتە لای. ئاوازی بۆ دەخوێند و دەیچریکاند.

بەڵام کاتێ دارودەستەی قەڕاڵ داوای درەختەکەیان لێ کرد. نیگارکێش دەبوایە ئەرێ بدات و قایل بێ.

شتێکی گرنگ بوو جارێکی دی شادی بۆ قەڕاڵ بگەڕێتەوە.

ئوکیۆ تەنیا داوای ئەوەی کرد، بەر لەوەی بە یەکجاری لێیان دوور بکەوێتەوە، خۆی و خێزانەکەی دەیانەوێ یەک ڕۆژی دی دار گێلاسەکە لەلای خۆیان گل بدەنەوە.





بۆ ڕۆژی داهاتوو، درەختەکە لە ڕەگوڕیشە دەرهێنرا. کاتێ خەریکبوون بیخەنە نێو گالیسکەیەک موسوکۆی بچکۆڵە بەغاردان پەیدا بوو. داوای لە پیاوماقووڵانی کۆشک کرد، کە ئەو بە نیازە نامەیەکی لوولکراو بە لقێکی درەختەکەوە ببەستێ.

پیاوماقووڵان پێیان وابوو ئەو منداڵە بۆ کۆچی درەختەکە بەداخە. لە زەوی بەرزیان کردەوە، موسوکۆش نامەکەی لێ بەست و بەچپە ماڵئاوایی لێ کرد.

کاتێ درەختەکەیان لە باخی پاشادا رواند. پیاوماقووڵانی کۆشک قەڕاڵیان قایل کرد لە کۆشک دەربچێت و سەرنجێکی بدات.

لەو دەمەدا کە ئەو سەرنجی دار گێلاسەکەی دەدا، ئەوان بە تاسەوە چاوەڕوان بوون. تا لە کۆتاییدا زەردەخەنەیەک ڕووی قەڕاڵی گەشاندەوە.

درەختە نوێیەکە هێندەی هەموو باخەکە جوان بوو. بەڵام قەڕاڵ نەیتوانی خۆی لەو نامە لوولکراوە نەبان بکات کە بە لقێکییەوە هەڵواسرابوو. لە لقەکەی کردەوە و، نامەکەی والا کرد.





قەڕاڵ تابلۆیەکی دیت، گوزارشتی لە دار گێلاسێکی گوڵ کردوو دەکرد. بولبولێک لە سەری هەڵنیشتبوو. لەپاڵ تابلۆکەدا شیعرێک نووسرا بوو:

«ئەی دار گێلاسەکە
خۆزگە شادیت بۆ دڵی قەڕاڵ دەهێنا.
هەردەم لە باخەکەیدا گوڵ بگرە و شکۆفە بدە!
بەڵام داخۆ کوڕیژگەکە. چی بە بولبولەکەی هاودەمی بڵێ،
کاتێ وێڵ بە دوای چڵێکدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە.
ئەو چڵەی، ئەو ڕاهاتبوو هەردەم لەسەری هەڵنیشێ؟»

دوای ئەوەی قەڕاڵ شیعرەکەی خوێندەوە، قووڵ لە فیکران ڕۆچوو. ئەمجا پرسیی داخۆ ئەم درەختە لە کوێوە هاتووە، پاشان فەرمانی دا کە دەبێ نامە بنێرنە دوای نیگارکێش و خێزانەکەی.







دوای چەند ڕۆژێک ئوکیۆ، تانکا و موسوکۆ گەیشتن. ئەوان لەوە دەترسان قەڕاڵ لێیان تووڕە ببێ. بۆیە لەسەر چۆکان دانیشتن، بێ ئەوەی پرکێشی بکەن سەرنجی بدەن.

قەڕاڵ داوای لێ کردن هەڵبسنە سەر پێیان. ئەمجا ڕووی کردە موسوکۆ و وتی:

«کەواتە ئەوە تۆی کە نازانی چی بە بولبولەکەی هاوڕێت بڵێی و نازانی درەختەکە بەرەو کوێ دوور خراوەتەوە؟ ڕەنگە لەوە ترسابی بولبولەکە بەجێت بهێڵێ؟ بەڵام ئێستا تۆ دەتوانی پێی بڵێی، درەختەکەت، کە بۆ باخی قەڕاڵ برابوو، جارێکی دی بە فەرمانی قەڕاڵ دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.»

ئەمجا قەڕاڵ بە ئوکیۆ و تانکای وت:

«من ماوەیەکی زۆر بە وشکبوونی دار گێلاسەکەم خەمبار بووم. خەمەکەشم ڕەوییەوە کاتێ درەختەکەی ئێوەم دی لێرە نێژرابوو.

بەڵام بەوە نیگەران دەبم کە منداڵێک بەهۆی منەوە، هاوڕێکەی لە دەست داوە.»

ئەمجا بە ئوکیۆی وت:

«فەرموون درەختەکەتان لەگەڵ خۆتان ببەنەوە. بەڵام دەبێ لە پێشدا وەک چۆن ئێستا بە دیار دەکەوێ و دەنوێنێ، ئاوەها وێنەیەکی باخەکەم بە هەموو جوانییەکییەوە بۆ بکێشی.»

«کە دار گێلاسەکەم وشک بوو، وای بۆ دەچووم ئیدی هەموو باخەکەم وشک دەبێ: دار قۆخەکان، دار حەیزەرانەکان، دار کاژەکان، هەموویان بە شوێن یەکدا وشک دەبن و لە بەین دەچن. بە هێنانی دار گێلاسەکەی تۆ پێش لەم کارەساتە گیرا، ئێستا تێگەیشتم کە هیچ جیاوازییەک نییە. تابلۆکەی تۆ بەسە بۆ ئەوەی باخەکەم هەمیشە گوڵ گرتوو بێت و لەوپەڕی پاراوی و جوانیدا بێ.»

بە تانکاشی وت:

«با ئەرکی تۆش ئەوە بێ، ئەم چیرۆکە تۆمار بکەی. تاکو خەڵکی ژاپۆن بۆ یەکدیی بگێڕنەوە، چۆن قەڕاڵەکەیان ئەقڵ و ژیری لە دار گێلاسێک و بولبولێک و کوڕێکی گچکەوە فێربوو.»

سەرچاوە:

KIRSEBAE RTRAEET
Michelle Nikly
På danskved: Peter Gotthardt
ISBN 87 - 562 - 4321 - 9
Carsen Forlag, Copenhagen 1989.



